هەرکەسێک بڵێت: ڕازیم بەوەی (اللە) پەروەردگارم بێت، ئیسلام ئاینم بێت، وموحەمەد پێغەمبەرم بێت؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بڵێت: ڕازیم بەوەی (اللە) پەروەردگارم بێت، ئیسلام ئاینم بێت، وموحەمەد پێغەمبەرم بێت؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك بڵێت: (ڕازیم بەوەی -اللە- پەروەردگارم بێت)؛ وپەرستراو وپەروەردێنەر وپادشا وگەورە وچاکسازی هەموو کاروبارێکم بێت، (وئیسلام ئاینم بێت)؛ بە هەموو حوکمەکانی لە فەرمان ونەهی کردنەکان، (وموحەمەد پێغەمبەرم بێت)؛ ونێردراوم بێت لەگەڵ هەموو ئەوەی پێی نێردراوە وگەیاندوویەتی بە ئێمە؛ ئەوا چوونە بەهەشت بۆ ئەو کەسە مسۆگەر دەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65906